# كاكه مايعرف عربى!!

# واژۆ

**بورهان حاجى سلێمان**

سێشەممەی پێشوو دەیان هەزار کەرکوکی لە پرۆسەیەکی مەدەنیانەی ئاشتیخوازانەدا، بۆ دژایەتیکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلەو وێرای کردنە ئامانجیان لە لایەن تیرۆریستانەوە، بۆ ماوەی کاتژمێریك مانیانگرت، بەو مانگرتنەش سەلماندیان کە ئیرادەی ئەوانی زۆرینە، دەتوانێت هەموو جموجۆڵێك لە شارەکە پەکبخات، رۆژی دواتریش بۆ وەڵامدانەوەی ئەو مانگرتنەو پشتگیریکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلەو دژایەتیکردنی پێشمەرگە، بەسەرپەرشتی ئەبو سەدام سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای حەویجەو عەبدلرەحمان مونشد ئەلعاسی و پرۆژەی ئەنجومەنی سیاسی عەرەبی، لە یاریگای قەزای حەویجە مانگرتنێك ئەنجامدرا، بەڵام تەنها نزیکەی شەست کەسێك بەشداری تیادا کردبوو، ئەوەش گورزێکی کوشندەبوو لە شۆڤێنیەکان دراو سەرکەوتنێکی دیکەی کەرکوکیەکان بوو .

هەر سێشەممەی رابردوو تۆڕی تەلەفزیۆنی و رادیۆیی و ئینتەرنێتی جیهانی بەناوبانگ(BBC) ی عەرەبی راپرسیەکی سەبارەت بە کەرکوك لە بەرنامەی (قچیە للحوار) و ژێر ناونیشانی (الى من ستوول كركوك؟) ئەنجامدا کەتیایدا نزیکەی ١٧ هەزار کەس دەنگیان داوەو ٩٤%ی دەنگدەران دەنگیان بە کوردستانیەتی کەرکوك داوە، بەڵام ئەوەی خۆشی ئەو سەرکەوتنەی تێکدا ئەوەبوو ئێوارەی هەمان رۆژ لە بەرنامەی (نقگە حوار)ی هەمان کەناڵدا، بە میوانداری عیزەت شابەندەر پەرلەمانتاری لیستی دەوڵوتی قانون، تاوتوێی راپرسیەکەو ئەنجامەکانی کرا، لە رێگەی تەلەفۆنیشەوە محەمەد خەلیل ئەندامی کوتلەی عەرەبی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بەشداری کردو بە جووتە جاڕیان بۆ عروبەی کەرکوك لێدەدا، کەچی لێپرسراوێکی کورد بە تایبەتی ئەندامە کوردەکانی نێو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك ئامادە نەبوو دە خولەك لە کاتی خۆی ببەخشێت بەو بەرنامەیەو پاڵپشتی لە دەنگی ئەو کوردانە بکات کە ئەو رۆژە بە پەرۆشەوە بەشداری راپرسیەکەیان کردو وەڵامێکی وتە ئیستفزازییەکانی ئەو لێپرسراوە عەرەبانە بداتەوە، بەڵکو ئەو ئەرکەش خرایە سەر ئەستۆی هاوڵاتیان، ئەمە لە کاتێکدابوو بەرنامەکە بە درێژایی ئەو رۆژە لە رێگەی ماڵپەڕەکەیانەوە داوای ژمارە تەلەفۆنی ئارەزوومەندانی بەشداریکردنی بەرنامەکەی کردبوو تا لەسەر حیسابی کەناڵەکە پەیوەندی پێوە بکەنەوە!!

راستە ئەو راپرسیە هێزێکی قانونی نییە، بەڵام ئەنجامەکانی بە قازانجی کورددا دەکەوێتەوەو کاریگەری لەسەر دەرخستنی راستیەکان دەبێت و شەقامی عەرەبی لە غەفڵەت بە ئاگادەهێنێتەوە، جگە لەوەش (BBC) لە سەرتاسەری جیهاندا سەدان ملیۆن بینەری هەیە، بە دانپیانانی پێشەکەشکاری بەرنامەکەش ئەوە گەورەترین راپرسی کەناڵەکەیان بوو چ لە رووی ژمارەی بەشداربوون و چ لە رووی رێژەکانەوە.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئەوەش بپرسین: ئەو هەموو عەرەبەی کە موچەی چەور لە حیزبە کوردییەکان وەردەگرن، ئەرك و سوودیان چییە ئەگەر بەشداریەکی ئیعلامی لەو جۆرە نەکەن؟ یان لێپرسراوانی کورد بۆچی ئازان لە کەناڵە ناوخۆییەکانەوە بە شاڵی کوردیەوە دەربکەون و لێدوانی ئاگرین بدەن، بەڵام لە کەناڵێکی عەرەبی و جیهانیدا دەترسن قسەکانیان ببێتە ماڵ لەسەریان؟! ئەی کوان ئەو ئەکادیمیە بەڕێزانەی کە نامەی دکتۆرەکەیان بەعەرەبییە؟ یان هەر هیچ نەبێ زۆربەی سەرچاوەکانی نامەی دکتۆرەکەیان عەرەبی بووە؟ ئەی کوا عەرەبی زانەکانمان؟ خۆ داکۆکیکردن لە پرسێکی نەتەوەیی تەنها ئەرکی حیزبیەکان نییە، یان تەنها ئەرکی حیزبەکانی دەسەڵات نییە؟! بۆشاییەکی زۆرمان لە راگەیاندنە جیهانی و عەرەبیەکاندا هەیە، ئەمەش کاریگەری لەسەر رای گشتی جیهانی بە گشتی و رای شەقامی عەرەبی بە تایبەتی لەسەر دۆزی رەوای کورد دروست کردووەو دووچاری چەواشەکردن کراون، هەر سێشەممەی رابردو کەناڵی (الجزیرە (لە کەرکوکەوە راپۆرتێکی ئامادەکرد، بەڵام لەوەشدا تەمسیلی کورد لاواز بوو، لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە پەیامنێرانی کەناڵە بەناوبانگە جیهانی و عەرەبییەکان لە چەندین بۆنەدا پێیانوتووین:" ئێوە بۆ گلەیی لە کەناڵەکانمان دەکەن؟ ئێمە کاتێك داوای چاوپێکەوتن لە بەرپرسێکی عەرەب یان تورکمان دەکەین بەر لە وادەی چاوپێکەوتنەکە ئامادەن، بەڵام بەرپرسە کوردەکان خۆیان دەدزنەوەو مۆبایل دادەخەن و پاساوی جۆراوجۆر دەهێننەوە.. تەنانەت هەندێکیان بەڵێن دەدەن، بەڵام بۆ کاتی چاوپێکەتنەکە تێددەقوچێنێت بۆ شارێکی دیکە، هەندێکیشیان بە بیانووی (مایعرف عەرەبی) خۆیان قوتار دەکەن"!!

**من دەمەوێت دەستخۆشی لەو (کامەران) ناوە بکەم کە لە هۆڵەنداوە پەیوەندی کردو بەزمانێکی عەرەبی پاراو و بە بەڵگەی بەهێزەوە لە بەرنامەکەی(BBC) دا خۆبەخشانەو لە روانگەی ئەرکی نەتەوەیی خۆیەوە بۆشایی لێپرسراوانی کوردی پڕکردەوە!**

***سەرچاوە: هەواڵ***